## "تاريخ كردستان"

واهەیە لە ماوەی زیاد لە دەساڵی رابردوودا هیچ کتێبێکم لە هیچ نووسەرێکی بیانی سەبارەت بە مێژووی کوردستان نەخوێندبێتەوە کە ئەوەندەی ئەم کتێبە بە کاکڵ و زانستییانە و بێ لایەن نووسرابێت.

کتێبەکە ناوی "مێژووی کوردستان"ە، سێ ئاکادیمیسیەنی رووس، ئەرمەنییەک و کوردێک نووسیویانە و لە لایەن دوو دڵسۆزی گەلەکەمانەوە کاک مەنسور سدقی و دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە وە کراوەتە فارسی و لە ئاڵمانیا بڵاو کراوەتەوە.

بەهۆی پەیوەندیدانی مێژووی کورد بە مادەکانەوە - کە بواری گشتیی مێژوونووسیی کوردییە، بەداخەوە مێژووی راستەقینەی گەلی کورد و وڵاتەکەی شێوێنراوە و نەک هەر تێکەڵ بە مێژووی ئێران بووە، بەڵکوو کراوەتە کلکی مێژووی ئێران و سەربەخۆیی بۆ نەماوە - ئەوەش لە کاتێکدا کە دەزانین هیچ بەردنووس و نووسراوەیەکی مادی تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و ئەم خاکەی کە ئێستا پێ دەگوترێت کوردستان پێش هاتنی مادەکانیش خەڵکی تێدا نیشتەجێ بوون و حکوومەتیان هەبووە و شوێنەواریان لێ بەجێ ماوە.

مێژووی راستەقینە و سەربەخۆی کورد پێش هێرشی عەرەب پێویستی بە نووسینەوەی دووبارە و ئامێتەکردنییەتی لەگەڵ گەلانی وەک ماننا و گۆتی و لوللۆبی و ... . بەڵام مێژووی دوای ئیسلامی کوردستان گەلێک روونتر و بە بەڵگەترە. ئەم کتێبەش لە قۆناغی "فتوحات"ی عەرەبەوە دەستی پێکردوە و تا ساڵانی کۆتایی دەیەی ٧٠ ی سەدەی بیستەم هاتوە. من خوێندنەوەی کتێبەکە و لەوەش زیاتر، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی بە "ئەرک" ێکی گرنگ دەزانم و هیوادارم هیممەتدارێک بە ئەرکی وەرگێڕانەکە هەستێت.

ئەوەی بۆکان و ناوچەکەی بگرێتەوە لە کتێبەکەدا کەم نین :

- لە ساڵی ١٩٢٢ دا سمکۆ خۆی بە "شای کوردستانی سەربەخۆ" راگەیاند و گۆڤاری "کوردستان" ئۆرگانی رەسمی خۆی بڵاو کردەوە (لاپەڕە ١٩١) – کە ئەگەر نیاز لەوە رۆژنامەی رۆژی کورد بێت، سەرنووسەرەکەی مەلا محەمەد تورجانی زادە بووە و بەم پێیە کوردێکی بۆکانی یەکەم رۆژنامەی کوردیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردۆتەوە.
- رێکخراوەی ژ.ک. لە ساڵی ١٩٣٩ دا دامەزرا (لاپەڕە ٢٠٩). دیارە بەشێک لە چالاکانی ژێکاف، بۆکانی بوون.
- فەهیمی، نوێنەری ساعید سەرۆک وەزیرانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٤ دا سەردانی هەندێک شاری وەک میاندواو، مەهاباد و بۆکانی کرد. (لاپەڕە ٢١١)
- عەزیز ئاغا عەبباسی و قاسم ئاغا ئێلخانی زادە (لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، کە لە سەرەتاکانی سپتامبری ١٩٤٦ دا نێررابوونە باکۆ، نەیانتوانی هیچ دەسکەوتێکیان لە ئازەربایجانییەکان هەبێت (لاپەڕە ٢٢٦). ئەوە یەکەم جارە دەبیسین عەزیز ئاغای عەبباسی لە حزبی

دیموکراتی کوردستاندا چالاک بووبێت یاخود ئەو دوو کەسە ئەندامی ناوەندی حزب بووبێتن.

- حزبی دیموکراتی کوردستان ڕاپەڕینی وەرزێرانی لە مەهاباد و بۆکان دژ بە ماڵیاتی لە ڕادەبەدەر و چەوسانەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندی ڕێبەرایەتی کرد. بزووتنەوەی وەرزێری وردە وردە بوو بە ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی کورد و شار و گوندەکانی گرتەوە. پادگانی مەهاباد بە یارمەتی تاقمی چەکداری هەندێک خاوەن زەوی گەورە [کە دەبێ نیازی لە ئاغاواتی بۆکان بێت]، دژ بە ڕاپەڕینەکە هاتنە کایەوە و لە ئەنجامی کاری داپڵۆساندن دا، چەند ئەندامی حزب تێرەباران کران و زۆرێک لە بەشداربووانی ڕاپەڕین خرانە زیندانەوە (لاپەڕە ٢٢٢).

م.س. لازاریف، ش.خ.محۆی، ی.ای.واسیلییەوا، م.ا.حەسرەتیان، اد. ای. ژیگالینا : *"تاریخ کردستان"* ، ترجمە منصور صدقی، کامران امین آوە، انتشارات فروغ، آلمان، ٢٠٠٧، ٣٤٢ لاپەڕە، ڕووسی: ساڵی ١٩٩٩، فارسی: ٢٠٠٧.